گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# (ڕەوشی کۆمەڵایەتی کورد لە کتێبی ابن حوقل و المقدسی) توێژینەوەیەکی بەراوردکاری ڕەخنەییە

**م.ی. ساکار محمد صديق حبيب**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Sakarhabib@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٢٢
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١/١٩
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Ibn Ḥawqal, Al-Maqdisī, Social Situation, Kurdish, Kurds

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.19

**پوختە**

سەدەی (4ك/10-ز)،ی،کە بە لوتکەی پێشکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامی دادەنرێت، یەکێك لەم پێشکەوتنانەش زانستی وڵاتناسی بوو.لەو ماوەیەش وڵاتناس (ابن حوقل) لە کتێبی (صورة الارض) و(المقدسی) لە کتێبی(أحسن التقاسيم فى المعرفه الاقاليم) وبە دوونموونەی هەرە دیاری ئەم پێشکەوتنەن لە بواری وڵاتناسی،کە بوونەتە هەوێنی بەدەست هێنان و خستنە رووی چەندین زانیاری بەنرخ دەربارەی گەل و میللەتان، لەونێوەندەشدا،دەرخستنی زانیاری پیرپایەخە دەربارەی کورد، ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەرچەند لایەنێکی گرنگی ڕەوشی کۆمەلایەتی،وەك ڕەگەزی کورد و خیڵ و تیرەکوردیەکان و داب و نەریت و ئاکارو بیروباوەڕی ئایینی و زمان و جل و بەرگ و ئاهەنگ و بۆنەکان و خواردن و خواردنەوەو سەیروسەمەرەکانی کورد. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویی بەکار هاتووە، بە پشت بەستن بەکتێبی بەردەست و بەراوردکرنیان لەگەڵ یەکتر دەربارەی خستنە رووی زانیاریەکان لەسەر کورد .

## پێشەکی :

لەگەڵ فراوان بوونی سنوری دەوڵەتی ئیسلامی تێکەڵ بوونی بەچەندین گەڵ و نەتەوە لەنێو ئەو سنورەدا، وە جێگیربوونی لایەنی کارگێری و بەرقەرار بوونی هێمنی ئاسایش، وکەمبوونەوەی جەنگ

و فتوحاتی ئیسلامی وایکرد لایەنی شارستانی لەهەموو ڕوێکەوە پەرەبسێنێت، بەتایبەت لەسەدەی (4 ك/10ز) کە گەشەسەندنی شارستانیەت دادەنرێت لە جیهانی ئیسلامی، یەکێك لەو پێشکەوتنە شارستانیەش زانستی جوگرافیا بوو، کە لەسەدەی (3ك/9ز)ی بەدەرکەوت، ئەم پەرەسەندنە بەردەوام بوو لەسەدەی (4ك/10ز) گەیشتە ئەوپەڕی پێگەیشتن، وەتیایدا چەندین ولاتناس و گەڕیدە دەرکەوتن، وەك (الکندی) کە بەیەکەم جوگرافی ناس دادەنرێت کە لەسەر ئەم لایەنەی نوسیوە لە دەوروبەری (200ك/800ز)، دوای ئەویش چەندانی تری وەك (ابن خرداژبه) (280ك/893م) و (المسعودی) (346ك/957ز) دەرکەوتن لە هەمان بواردا.

بێگومان کورد لەسەرچاوە ئیسلامیەکان گرنکی زۆری پێدراوە، نهێنی ئەم گرنگیدانەشیان بە کورد زیاتر لە نەتەوەکان دیکە، ئەوەیە کە عەرەبە موسڵمانەکان کوردیان ناسیوە و ئەو ناسینەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وڵاتی کوردان لە جەزیرە و چیاکان لە باشوور و ڕۆژهەڵات یەکەمین وڵاتانێك بووە کە موسڵمانەکان بۆ یەکەمین جار لە رێگەی پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامیەوە گەیشتوونەتە ئەو ناوچەیە لە دەیەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچییەوە.

ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە سەرچاوە کۆنەکان بە شێوەیەکی گشتی لە گرنگیدان بە لاینە کۆمەلایەتەکان شتێکی وای تێدانیە ئەگەر بەراورد بکەین بە لاینەکانی دیکەی ژیانەوە، بەڵام سەرچاوە وڵاتناسەکان سەرەڕای ئەوەی چەندانیان چوونەتە سەر باسکردنی پرسە کۆمەڵایەتیە جۆر بە جۆرەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتە سنوردار و دیاری کراوە.

ئەوەی جێگەی بایەخ بێت لای ئێمە باسی نەتەوەی کوردە، بەتایبەت ڕەوشی کۆمەڵایەتی، لەسەرچاوەی ولاتناس و گەڕیدەکان، بۆیە دووان لەهەرە گرنگترین وڵاتناس و گەڕیدە موسلمانەکانمان هەلبژاردووە بۆ ئەم مەبەستە کە زانیاری وردیان لەسەرکورد نوسیووە ئەوانیش (مقدیسی) لەدەوروبەری(387ك/997ز)مردووە و(ابن حوقل)دوای (370ك/980ز)مردووە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی کورد دەخاتە ڕوو، بەهۆی ئەوەی کەمتر لا کراوەتەوە بەسەر ئەم بابەتانە لە کتێبە مێژوویەکان، بۆیە بە پێویستمان زانی زیاتر سەرنج وتیشك بخەینە سەر ڕەوشی لایەنی کۆمەلایەتی کورد لە کتێبی ئەم دوو وڵاتناسە لە هەمان کاتدا بەراورد کردنی زانیاریەکانیان.

لەم توێژینەویەدا ڕێبازی لێکۆلینەوەی زانستی مێژوو پەیرەو کراوە، زانیاریەکان لە سەرچاوە بنەڕەتییەکان وەرگیراون و پاشان بەراوردکاری کراوە لە نێوان هەردووکتێبی أحسن التقاسیم فی معرفە الاقالیم و صورە الارچ، لە هەمانکاتدا پشت بە هەندێك ژێدەر بەستراوە بۆ شرۆڤەکردنی کەمێك لە زانیارەیەکان.

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدایە زانیارەیەکان لە هەردوو سەرچاوە زانیاری کورت و پەرش و بڵاون و پێویستی بە سەرنج و ووردبوونەوە ی زۆر بوو بۆ هەڵێنجانی زانیاری دەربارەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیەکانی کوردان..

## 1- ژیان و ڕێبازی ( ابن حوقل) و(المقدسی):

أبو قاسم محمد کوری علی یە(الادریسی،ج1، 1988:5) نـاسراوە بە ابن حوقل (البغدادي،ج2، 1951: 43) یاخود (الحوقـلی) لەلای هەندێـك لەنووسەر و جوگرافیەکانەوە (الادریسی،ج1، 1988:5، 40) لە گەڵ ئەوەشدا لەیەك جێگەدا نەگیرساوەتەوە بۆماویەکی درێژ، بەڵام لەهەرشوێنێك ماوەتەوە نازناوی ئەوشارو شوێنەی بەناوەکەی هەڵگرتووە(ابن شداد، ج1، 1962: 29، یاقوت الحموي، ج1، 1995: 225) وێرای ناوبانگی و پێگەی زانستی ابن حوقل کەچی نەناسراو بووە لەلایەن ئەوکەسانەی کە ژیاننامەی زانایانیان نوسیوەتەوە ،بەڵام نووسەرە نوییەکان ئەوانە زیاتر پشتیان بەونوسینانە بەستووە کە ابن حوقل خوی لەسەر خوی نوسیویەتی(البستانی،ج1، 1964: 451؛ زیدان،ج6، 1959:344).

بەڵام لەبارەی لە دایك بوونی یەوە شتێکی وایان نەنوسیوە،هەندێك لەنووسەرە نویێ یەکان گەیشتونەتە ئەو بۆچوونەی، کە لەشاری نەسیبین لە دایك بووە لە هەرێمی جەزیرە (الذنون،1986: 116)کەچی هەندێکی تر دەڵین لە شاری بەغدا لەدایك بووە (السوسة، 1959: 18) تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا ابن حوقل لەدایك بووی شاری نەسیبین بێت(کراتشکوفسکی، ق1، 1963: 200) دەربارەی خێزانەکەی زانیاری ئەو توو نیە جگە لە (ابن الاثیر) لە رووداوەکانی ساڵی (363ك/973ز) باس لە گرتنی أحمد بن حوقل دەکات لەلایەن ابی تغلب بن حمدان(367ك/969ز) ) لە موصل(ج7، 1997 : 315) بەڵام بەڵگەشمان نیە بۆ پشت بەستن پێی، کە أحمد برای محمد بن حوقلە. دەربارەی مردنەکەی (حاجی خلیفة) بۆچوونی وایە کە ساڵی (350ك/961ز) مردووە(کشف الظنون،ج2، 1941 :1664)بەڵام بەدور دەزانرێت کە ساڵی مردنەکەی بێت، چونکە ابن حوقل سەردانی شاری صقیلەی

كردووە لە ساڵی (362ك/973ز)( المقدسی،1987:293) هەروەها دوو لە توێژەران دەبارەی ساڵی مردنی ابن حوقل بۆچونیان وایە مردنەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی (367ك)( الزركلی،2002، ج6: 111، عبدالمقصود،2004: 273) بەڵام دەكری بڵێن ڕاسترین بۆچوون ئەوەیە ابن حوقل تاوەكو ساڵی (370) لە ژیاندا ماوە چونكە لەنیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی كۆچی بەرامبەر بە سەدەی دەی زاینی لەدەقێكدا باس لەچوونی رۆمەكان بۆ حەلەب دەكات وەك دەڵی " إن الروم دخلو مدينة حلب عام ثلثمائه ونيف وسبعين"( صورة الارض ، 1992، 163) بەگوێرەی ئەم دەقەی ابن حوقل تاكو پاش ساڵانی 370ك مردووە لیرە(نيف) بەمانای هەندێك دەگەێنێت .

دەربارەی ڕێبازەی نوسینی دەكرێت بگوترێت یەكێك لە جیاكەرەوەكانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆر بەوردی دابەش كردنی كردووە لە پەرتوكەكەی بۆهەرێمەكان وئەوشارانەی دەیانگرێتەوە، بەتایەت هەرێمە هاوسێ یەكان لەسنوری دەوڵەتی ئیسلامیدا( ابن حوقل: 1992:10،علی،ج3 ،1984: 259) بایەخی داوە بەباسكردنی دەریاو رووبارو سامانە ئاویەكان و ڕێگاكانی ووشاكانی، بەتایبەتی ڕێگابازرگانیەكان و ئاماژەدان بەكەل وپەلە بازرگانیەكان، بەناوچە عەربیەكانیش دەست پێكردووە( ابن حوقل، 1992 :10، الصابی،1964: 21)

سەبارەت بە مقدیسی ناوی شمس الدين ابو عبدالله محمد كوڕی ابی بكر البناو المقدسي (المقدسي ،1987: 8)ناسراو بە بەشاری (ابن عساكر،ج5، 1995: 222، یاقوت الحموی،ج5، 1995: 165)و ابن البناو المقدسي(البغدادی،ج2، 1951: 62)و المقدسی، ناوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ (قودس) ( الزركلی، 2002: 312، زیادە، 1987: 50) ئەمە جگە لەم دوو ناسناوە چەند ناسناوێكی تریشی دراوەتە پاڵ .لەوانە (دعیت، خوگبت، فلسگینی، مصری، خراسانی، مغربی،.. فقیه ، وصوفی، ولی وعابد وزاهد وسیاح و ووراق...هتد....) ئەمەش بەڵگەیە بۆگەشت كردنی بۆئەوناوچانە(المقدسی ،1987: 49-50، زیادە،1987: 50) زۆرینەی لەسەر ئەوەڕایەن ساڵی (335ك-946ز) لەدایك بووە (عكاوی،ج3، 1993: 144،حمید، 1995: 255)تەنها ئاماژەی بەوە كردووە كە لەشام لەدایك بووە وئەوەی خستوتە ڕوو كە خانەوادەكەشی بە زمانی شامی قسەیان كردووە، وەك دەڵی:( تكلّمنا بلغه الشام لأنها اقليمى الّذى به نشأت)( المقدسي ،1987: 39)وەك هاتووە لەپێش چوونی بۆ ووڵاتی عێراق سەرقاڵی زانستی ئایینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە، وە دەستی کردووە بە فیربونی زانستی خویندنەوەو نوسین و ئەزبەرکردنی قورئانی پیرۆز(سعيد، 2012:146).

مقديسی ناوبانگی دەرکرد بەزۆری گەشتەکانی بۆزۆربەی ناوچەکانی نێو سنوری دەوڵەتی ئیسلامی، جگە لە (ئەندەلوس) کەنەگەیشتووە بەوشوێنە، لەگەڵ ئەمەشدا سەردانی ناوچەکانی دەروەی سنوری دەوڵەتی ئیسلامی نەکردووە ئەوەتا لەم بارەیەوە دەڵێ:هیچ شتێکمان باس نەکردووە تەنها ووڵاتی موسڵمانان نەبێت، ئێمەش لەسەرمان نیە باسی مەملەکەتی گاوران بکەین، چونکە ئێمە نەچوینەتە ئەو وڵاتانە و نەشمان بینیوە...). (المقدسي،1987: 23،خوشناو،2014: 93) مقديسی جوگرافی ناسێکی زۆر وردوجێگەی متمانەبووە(حميد، 1995: 256، سعيد، 2012، مینورسکی، 1985: 14) ئەوتا پلان و ڕێبازی تایبەت بەخۆی هەبووە لەکورتکردنەوەی زانیاریەکان بۆنوسین و دارشتنی کتێبەکەی وئەوشێوەو زمانەی بەکاری هێناوە، پشتی بەستووە بەو شوێن وشتنانەی کە بەچاوی خۆی دەیبینین و لەپاڵیدا تێبینی وردی لەسەریان تۆماردەکرد بۆیە لەبەر ئەم هۆکارەش بەردەوام لەگەشت و گەڕان دابوو، تەنانەت مقديسی لەدابەشکردنی کتێبەکەیدا کار بەیاسای نوێ کردووە ئەویش پشت بەستن بەتێبینیە وردەکان و چاوپێکەوتنی کەسایەتیەکان (عكاوي،ج3، 1993:146 )هەروەها ئەوهەڵانەی دەست نیشان دەکرد کە نوسەرانی پێش خۆی کردبویان (المقدسی،1987: 4، 5) ئەمەش جۆرە بەهرەیەکە، کە مرۆڤ دەتوانی ئەگەر زیرەکی و زانای خۆی  بخاتەگەڕ بۆڕەخنەگرتن لە هەموولایەنەکانی ژیاندا، ئەگەرچی شتێکی وابەر دەست نیە سەبارەت بەمردنی مقديسی جگە لەوەی کە توێژەرەوان دەست نیشان کردووە کەلە نزيك ساڵی(387ك-1000ز) مردووە.جگە لە پەرتوکی (هدیةالعارفين) هاتووە بەوەی کە لەساڵی (414ك)مردووە(البغدادي،ج2، 1951: 63) ئەوەی تێبینی دەکرێت دەربارەی ڕێبازەکەی مقديسی لە کۆکردنەوەی زانیاری وسەرچاوەکان پشتی بەستووە بەوەرگرتن لەکەسانی هۆشمندوژیر(أحسن التقاسيم،1987: 19)سەرچاوەیەکی تری زانیاریەکانی هەمووئەوانەیە کە بە چاودەبینرا و قسەی لەبارەوە کراوە (المقدسي ،1987:19) بەپێ پێویست سوودی لەسەرچاوەکانی نێو کتێبەکانی میرو دەسەڵاتدارەکان بینیوە (المقدسي ،1987: 19) خۆی دوورە پەرێزکردووە لەتۆمارکردنی ئەو شتانەی کە مایەی نەنگین (المقدسي ،1987: 19).

## 2- ڕەگەزی کورد:

بێ گومان عەرەبە موسڵمانەکان گرنگیان بە رەچەلەك و ڕەگەزی ئەو گەل و میلەتانە داوە کە دوای پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی پێیان گەیشتوون، دەربارەی هەوڵی وڵاتناسان بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکی نەتەوەکان دیاری بکەن، دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی کە عەرەبەکان تاڕاددەیەك تاکە نەتەوە بوونە، نووسەرەکانیان مێژوو و بناغەی نەتەوەی خۆیان لەسەر بنچینەی ڕەگەزناسی(النسب)داناوە، دواتریش ئەم ڕەگەزناسیەیان گشتگیر کردووە بۆ سەر تەواوی نەتەوەکانی جیهان لە پێناوی ئەوەی ڕەچەڵەکی هەموو نەتەوەکان دیاری بکەن (العظيمة،1991: 75) لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گرنگیدانەی عەرەبەکان بە ڕەچەڵەك نووسەر و وڵاتناسە موسڵمانەکانیش بە ڕادەی جیاواز گرنگیان بە ڕەچەڵەکی کورد داوە، ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت بۆ ئێمە شێوازی باس کردنی ڕەگەز و ڕەچەڵەکی کوردە لە بەرهەمی هەردوو وڵاتناس (ابن حوقل)(المقدسي)کە ئێمە بە نموونە وەرمانگرتوون لەم توێژینەوەیە دا.

(ابن حوقل) لە بەرهەمەکەی دا چۆتە سەر باسی ڕەچەڵەکی کورد لە دوو شوێندا، کاتێك باسی کوردەکانی هەرێمی فارس دەکات ڕەچەڵەکیان دەگەڕێنێتەوە بۆنەتەوەی عەرەب ئەم بۆچوونەشی لە(ابن درید) وەرگرتووە، دەربارەی کوردەکانی هەرێمی فارس دەڵێت":ئەوانە زیاتر لە ( ولدكرد بن مرد بن عمرو بن عامر)ن (صورة الارض، 1992: 240) هەروەها لە شوێنی دووەمدا ابن حوقل کاتێك باسی کوردەکانی نیشتەجێ هەرێمی کرمان دەکات ئەوانەی بە قەفس ناسراون، دەڵێت ئەمانە ڕەچەڵەکی خۆیان بۆ عەرەب دەگەڕێننەوە (صورة الارض، 1992: 269)

لەم دوو دەقەی ابن حوقل تێبینی ئەوە دەکەین کە هەوڵیداوە ڕەچەڵەکی کورد بگەڕێنیتەوە بۆ عەرەب، جارێك بە پشتبەستن بە بەڵگەکەی ابن درید(1) و جاری دووەم بە بەڵگەی ووتەی کوردەکان خۆیان دەربارەی ڕەچەڵەکیان، ڕەنگە لە بەڵگەی دووەم کوردەکان خۆیان حەزیان کردبێت ڕەچەڵەکیان بۆ عەرەب بگەڕيِنەوە بە هۆکاری ئایینی کە ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبی و لەلایەن پێغەمبەری عەرەب و موسڵمانان (محمد) (د.خ) هاتۆتە ئاراوە، هەروەها ڕەنگە هۆکاری سیاسیشی لە پشت بێت کە عەرەبەکان خاوەن دەسەڵات بوونە لەو کاتەدا، بەم هۆیەش ئەم کوردانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن سەر بە ڕەچەلەکی عەرەبن خۆیان لە دەسەڵات نزيك بکەنەوە.

هەرچی مقدیسی یە ئەوا لە بەرهەمەکەیدا بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەیەکی مرۆیی- اپنولوجی- دەربارەی جیهانی ئیسلامی نەخستۆتە روو(مخلص، 1991: 75)بە هۆی ئەم میتۆدەی مقدیسی کە

گرتویەتە بەر لە کەم گرنگی دان بە لایەنی مرۆیی و ڕەچەڵەك بە هیچ شێوەك باسی ڕەچەڵەکی کوردی نەکردووە، و تەنانەت لە بەرهەمەکەیدا تەنها هەشت جار ناوی کوردی هێناوە(المقدسي، 1987: 59، 287، 288، 313، 325، 332، 339، 365)هەروەها لەو هەرێمانەی کە زۆرینەی کوردن ئاماژە بە بوونی کورد ناکات وەك لە هەرێمی چیا و هەرێمی ئاقور-جزیرە-، بە بۆچوونی توێژەرێك هۆکاری ئەمە ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مەقدسی لای گرنگ نەبێت باسی کورد بکات، کاتێ باسی وڵاتەکەیان دەکات، چونکە ئەمە شتێکی ئاشکرایە و جۆرێکە لە ئەنجامی بەدەست(خۆشناو، 2014: 97)

## 3 -خیل و تیرە کوردیەکان:

بێگومان کومەڵگەی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی سروشتی کۆچەری یان لادێ نشینی بەسەریدا زاڵبووە، لەوەی دیاری کردنی جۆری ژیان و ئەوپەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە زیاتر سروشتێکی شارنشییان هەبێت، دیارە کومەڵگەی کوردیش یەکێك بووە لە کۆمەڵگەکانی ئیسلامی کە هەمان بارودۆخیان بەسەردا جێ بەجێ دەبێت (خۆشناو،2014: 230)ئەوەتا ولاتناس ابن حوقل هەڵوەستەی لەسەر ناوی هەندێك خێڵ و تیرەی کوردی کردووە وزانیاری لەو بارەیەوە خستۆتە ڕوو.سەبارەت بە ناوچە و هەرێمەکانی وڵاتی کوردان باسی لەچەندین دەستەو تیرەی تری کوردی کردووە لەگەڵ شوێن و پێگەیان، وەکو حەمیدی لاری و هەزبانی لە هەرێمی جەزیرە (ابن حوقل: 1992: 195، 196، 205، 315)و شەهارجیەکان کە هۆزێکی نەسرانی بوونە لە شاری کفر عزی سەربە هەولێر لە هەرێمی جەزیرە و هەزبانیەکان لە شاری ئەشنە-شنۆ- لە هەرێمی ئازەربایجان (ابن حوقل، 1992: 196، 289) ڕەوادی لە ناوچەکانی ئەبهر و رزقان لە ئازربیجان (ابن حوقل، 1991: 298)

سەبارەت بە مقدسی لە کتێبەکەیدا ئەوا بە شێوەیەکی گشتی گرنگی ئەوتۆی بە هۆز و خێڵەکان نەداوە بە بەراورد ئەو گرنگیە زۆرەی کە بە شارەکانی داوە، دەربارەی هۆز و خێڵە کوردیەکان لە ناوچە وهەرێمە کوردیەکان، لە کتێبی (أحسن التقاسیم) بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی پێنە کردوون (مخلص، 1991: 200،202).دەشێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نەویستبێت ئەوزانیارایانە دووبارە بکاتەوە.

دیارە جێنشنین بوونی کورد هەر تەنها لە چەند هەرێمێکی وەك ئازەربایجان و جەزیرەو هە تر بونیان هەبووە، دیارە ئەمەش دەکری چەند هوکارێکی وەك سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەبوبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ابن حوقل لە بەرهەمەکەیدا زیاتر گرنگی بە کۆمەڵە و هۆزە کوردیەکانی دەرەوەی وڵاتی کوردان داوە زانیاریەکانی دەربارەیان زیاترە، هەر وەك لە باسکردنەکەی خۆیدا تیشکی خستۆتە سەر سەرکردەی کوردەکان و شوێن و پێگەیان لە وڵاتی فارس، هەروەها ئاماژەی بە گەڕەکە کوردیەکان داوە لە هەرێمی فارس، تیایدا سی و سێ گەرەکی هەژمار کردووە وەك:( الكرمانيّة والرامانيّة ومدين وحيّ محمّد بن بشر والبقيليّة والبنداذمهريّة وحيّ محمّد بن إسحاق والصبّاحيّة والاسحاقيّة والاذركانيّة والسهركيّة والطمادهنيّة والزياديّة والشهرويّة والبنداذقيّة والخسرويّة والزنجيّة والصفريّة والشهياريّة والمهركيّة والمباركيّة والاستامهريّه والشاهويّة والفراتيّة والسلمونيّة والصيريّة والازاددختيّة والمطلبيّة والمماليّة واللاريّة والبرازدختيّة والشاهكانيّة والجليليّة) ئەو گەڕەکانەی کە ناوی هێناون لە نێو گەڕەکە کوردیە زۆرانەن کە زۆر ئەستەم بووە هەژمار بکرێن تەنها لە دیوانی دەوڵەت نەبێت هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو گەڕەکانە لەدەوربەری پێنج سەد ماڵی لە خۆ گرتووە، کە لە یەك گەڕەکدا نزیکەی هەزار سوارچاك هەبووە(صورة الارض،1992: 240)واتە کۆی ئەو سوارچاکانە لەسەرجەم گەڕەکاندا دەگەیشتە زیاتر لە هەزار سوار، هەر لە هەرێمی فارس ئاماژەی بە هۆزێك کردووە بە ناوی مازنجان کە لەسەر سنوری ئەسفەهان بوونە(ابن حوقل، 1992: 239)

بەهەمان شێوە مقدسیش لە کتێبەکەی ئاماژەی بە سی و سێ گەڕەکی کوردی داوە بە کەمێك جیاوازی لەگەڵا (ابن حوقل) لە ناوهێنانی گەرەکە کوردیەکان و تەنها دەڵێت ئەم گەرەکە کوردیانە پێنج سەد ماڵن ، بەم شێوەیە ناوی گەڕەکە کوردیەکان لای مقدسی هاتووە:" الكرمانية الرامانية مدثر حي محمد ابن بشر الثعلبية البندامهرية حي محمد بن إسحاق الصباحية الاسحاقية الادركانية السهركية الطهمادهنية الزبادية الشهروية المهركية البنداقية الخسروية الزنجية الصفرية المباركية استامهرية الشاهونيةالفراتية السلمونية الصيرية الازاددختية المطلبية الممالية الشاكانية الجليلية"(أحسن التقاسيم، 1987: 399)

جگە لە گەڕەکە کوردیەکان کە لە هەرێمی فارس ئاماژەی پێکراوە، باس لە زومیش کراوە کە ئەم دەستەواژەیە تایبەت بە ناوچە کوردیەکان لە نێوەندی هەرێمی فارسدا، هەردووك کتێبی ابن حوقل و المقدسی ژمارەی زومەکانیان بە پێنج زوم هەژمار کردووە، ابن حوقل ناوی هەر پێنج زومی هێناوە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەورەوە بۆ بچوك هەژماری كردوون بەم شێوەیە: یەكەم زوم زومی جلیوە كە ناسراویشە (رومیجان)، دووەمیشیان لە گەورەی لە دوای دێت زومی (زم احمد بن لیث) و ناسراوە بە (باللوالجان)، دواتر زومی حسین بن صالح ناسراو بە زومی الدیوان، و زومی شهریار ناسراو بە زومی مازنجان، و زومی احمد بن حسن و ناسراوە بە زومی (كاریان)( صورةالارض: 1992: 236)

بەهەمان شێوە مقدیسی پینج زومی هەژمار كردووە بەڵام تەنها ناوی سیان لەو پێنج زومە دەهێنێت بە پێ گەورەیی رێكیخستونە وبەكەمێك جیاوازی لەناوی زومەكان بەبەراورد لەگەڵ ابن حەوقەل بەم شێوەی خوارەوە خستوێتە روو، ئەو پێنج زمە گەورەترینی زومی احمدی كوری صالح كەناسراوە بە دیوان، دواتر زومی شهریارە كەناسراوە بە زومی بازنجان، كە ئەوانە لە ناحیەی ئەسفەهان بووە، دواتر باسی زمی احمدی كوری حسن دەكات كە ناسراوە بە زمی كارەیان وە زمی ئەردەشێرخرِە بووە( أحسن التقاسیم، 1987: 339، 340)

لیرەدا ئەگەر زانیاریەكانی ئەو دوو ولاتناسە بەراورد بكەین دەربارەی زومەكان ئەوزانیارەیەكانی ابن حەوقەل زیاتر وردترە بەبەراورد بە مقدیسی .

## 4-داب و نەریت وئاكاری كوردەكان:

كۆمەڵگە مرۆییەكان لەمیانەی كاروانە مێژوویەكەی، بەها و شێوازێك لەرەفتار بەدەست دێنی كە كۆمەڵی هۆكاری مێژوویی و ئابووری سیاسیی دەستیان لە دروستبوونیان هەیە، ئەم رەفتارانەش بەمیرات بۆ نەوەكان بەجێدەمێنێت، بەم رەفتارەش دەگوترێت داب و نەریت. دەرخستنی زانیاریەكان لەسەر ئەم لایەنە لە هەردوو كتێبی (صورةالارض) ابن حوقل و (احسن التقاسیم)ی مقدیسی بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشتیان كردووە، نووسەران هەڵستاون بە تۆماركردنی هەندێك لە داب و نەریتی ناوچە كوردیەكان بەم شێوەیە باسیان كردوون، ئەوەتا ابن حەوقل سەبارەت بە خەڵكی جەزیرە دەڵێت خەڵكێكی شكۆمەندن(صوره الارچ، 1992: 190)هەروەها لە باسی چوونی بۆ شاری ئامەد لە ساڵی 334ك بینیویەتی وەباس دەكات دەڵی خەڵكەكەی شكۆمەندن خاوەن چاكەو پیاوەتین و زۆر رێزیان لە كەسانی غەریب و نامۆ گرتووە(ابن حوقل،1992: 201) ئەوەی جێگەی ئاماژەیە مقدیسی لەمەرِ دابو نەریتی دانیشتوانی هەرێمی جەزیرە تەنها ئاماژە بە شاری نەسیبین دەكات بەوەی

کەخاوەن چاکەن و ڕوخۆش بوونە(أحسن التقاسيم، 1987: 302)هیچ زانیارەیکی ئەوتۆی لەبارەی ناوچەکانی ترنەخستۆتە ڕوو.

ابن حوقل لە درێژەی باسەکەی دا دەربارەی دانیشتوانی هەرێمی چیاو شارەکانی (هەمەدان) و(دینور) بەم شێوەیە ئاماژەدەکات و دەلێ بەوە ناسرا بوون کە خەڵکی بەڕێز و چاکە خوازبوون (صورةالارض، 1992: 306)بەهەمان شێوە مقدیسی ئەوە دووبات دەکاتەوە لە باسی خەڵکی چیاکان بەوەی کە هێمن و ڕوخۆشن(أحسن التقاسيم، 1987: 303) لەگەڵ ئەوەدا مقدیسی لە باسکردنی هەرهەرێمێك بەگشتی، هەندێك جار باسی دانیشتوانی شارێکی کردووە بەتایبەت، دەربارەی دانیشتوانی شاری هەمەدان بەم شێوەیە ئاماژەکات کە خەڵکەی ڕووخۆشن و ڕێزیان لە کەسانی ناموو گرتووە(أحسن التقاسيم، 1987: 300)هەر لە درێژەی باسی دانیشتوانی هەمەدان دەڵی کە خەڵکەکەی بەخیل وتەلەکەبازو بەرقوکینەن(المقدسی، 1987: 301)بەڵام پێکهاتەی دانیشتوانەکەی دیاری نەکردووە، لێرەوە دەکرێت هەڵوەستە لەسەر چونیەتی باسکردنی مقدیسی لەمەر ئەم شارە بکەین لەیەك کاتدا دووبۆچوونی جیاوازی دژ بەیەکی لەسەر سروشتی دانیشتوانەکە خستۆتە ڕوو، دەکرێت نووسەر زانیاریەکانی لێ تێکەڵ بووبێ ڕەنگە بوچوونە ئەرێنیەکەی لەسەر سروشتی دانێشتوانی هەمەدان ڕاستر پێکابێ لەبەر ئەوەی هەم خوی ئاماژەی بە باشی شارەکە کردووە، ئەمەلەلایەك لەلایەکی تریش ابن حەوقلی هاو سەردەمی لەکاتی باس کردنی شارەکە بەئەرێنی وەسفی سروشتی خەلکەکە کردووە، بەخەڵکی باش ناوزەندی کردوون .

ابن حوقەل لەباسی دانیشتوانی شاری سن کە دەکەوێتە سنوری چیای حەمرین دەڵێ شەڕو شۆڕ لەنێوخەڵکەکەی پەیدابووە وە بۆتە هۆی نانەوەی ڕق و کینە(صورةالارض،1992: 203)بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت مەقدیسی هیچ ئاماژەیەکی بەوباسە نەکردووە.

هەرچی دەربارەی شاری (جنزە) گەنجە لەهەرێمی ئاران ابن حوقل باسیی کردوون بەوەی خاوەنی جوامێری ورەوشتی بەرزو خولیای زانست بوونە، بەڕێزوخۆش دوو بوونە لەگەڵ ڕێبواران(صورە الارچ،1992: 291)هەرچی مەقدیسی لەباسی دانشتوانی هەرێمی رحاب (ئازەربیجان و ئەرمینیا و ئاران) دا کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانیان کورد بووە، بەم شێوەیە ئاماژە دەکات کە خەڵکەکەی ساردو سڕن(أحسن التقاسيم، 1987: 289، 292)

دەربارەی خەڵکی چیاکانی قفص و بلوص لە هەرێمی کرمان کە ابن حوقل بە کوردی داناون لە باسی شێوەو ئاکاریان دەڵێ:ڕێگر بوونە و خەڵکیان ترساندووە و لە باسی شێوەیان دەڵێت خەڵکەکەی لەش و لاریان لاوازە بە شێوەیەکی گشتی و ڕەنگی پێستیان ئەسمەر بووە (صورةالارض، 1992: 269)هەرچی مقدیسی یە هەمان زانیاری سەرەوەی دەربارەی خەڵکی قفص و بلوص خستۆتە روو بە بێ ئەوەی بە کوردیان دابنێت.(أحسن التقاسيم،1987: 355)

## 5 -دەربارەی بیروباوەڕی ئایینی کوردان:

بەر لە دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام لە کوردستان چەندین ئایینی ئاسمانی و بیروباوەری ناوچەیی وەك ( بتپەرستی و ئیزیدی و کاکەیی و جوو و زەردەشتی و مەسیحی و مانەوەیی و مەزدەکی) سەریان هەڵدابوو، دوا بەدوای فتوحای ئیسلامیش ئایینی ئیسلام لە نێو کورد و کوردستان بڵاو بۆتەوە دواتریش بۆتە ئایینی زۆرینە(زند،1971: 9)

بیروباوەری ئایینی و دیاردە ئایینیەکان و شوێنی پەرستشەکان جێگای ئاماژە و سەرنجی هەردووك وڵاتناسبووە بە شێوەی جیاواز، ڕێبازی نووسینی مەقدیسی لە باسی هەر هەرێمێك بە شێوەیەکی گشتی باسی لایەنی ئایینی هەرێمەکەی کردوووە هەر وەك لە باسی هەرێمی چیا ئاماژە بەوە دەکات کە بە شێوەیەکی گشتی جوولەکەی زیاترە لە نەساری و ئاگربەرستیش ژمارەیان زۆرە(أحسن التقاسيم،1987: 303)لە باسی موسلمانەکانی ئەم هەرێمە بە شێوەیکی گشتی دوو بەش بوونە لە نێوان حەنبلیەکان(المقدسی،1987: 295) و بەشەکەی تریان زێدەرۆی دەکەن لە خۆشەویستیان بۆ معاويە(15پ،ك ،60ك) (المقديسی، 1987: 295) ئینجا وردتر باس لە ئایینزا (مەزهەب) ی جۆراو جۆردەکات ئەوەتا لەئاماژەی بە شاری هەمەدان بەوەی یاوەری فەرمووده بونە، جگە لەخەڵکی شاری دینەوەرنەبێت کە لەسەر مەزهەبی (سفيان الثوري)(2) بوونە (المقدسی،1987: 303) بەڵام دەربارەی (خوڕمەیەکان)(3) کە درێژبوەوەی مەزدەکی بووە دیارە هەرێمی رۆژئاوای چیاکان لە دیارترین شوێنی ئەوان بووە کە خاوەنی چەندان قوڵەو قەڵات بوونە لە کتێبی مقدیسی هەندێك لە چیاکانی هەرێمەکە بە خوڕەمدینی ناسراوە، لەوکاتەی سەردانی شوێنکەی کردووە هەندێ سەرنجی خوی جێ هێشتوەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە خەڵکەکەی لەسەر ئایینزای (مەزهەبی) مورجئە بوونە،وە لە گوندەکەیان مزگەوت نەبووە، کاتی گفتوگۆیان لەگەڵ کردوون لەوبارەیەوە کە چۆن لەلایەن

موسڵمانان غەزوو نەکراون؟لەوەڵام دا ووتویانە کە ئایایەکتاپەرست نین؟مقدیسی لە وەڵام گوتویەتی چۆن؟ لەکاتێکدا نکۆڵێ لە ئەرکەکانی خودا دەکەن و شەریعەشتان پەکخستووە؟ گوتیان: ((ئێمە هەموو ساڵێك پارەیەکی زۆر بە سوڵتان دەبەخشیین))( أحسن التقاسيم، 1987: 306)

هەرچی زانیاری ابن حوقل دەربارەی هەرێمی چیا بە بەراورد بە مقدیسی زانیاری کەمتر و کورترە، پشتراستی زانیارەییەکانی مقدیسی دەکات دەربارەیەی خورەمیەکانی رۆژئاوای هەرێمی چیا(صورە الارچ،1992: 307) هەروەها ابن حوقل دەستنیشانی خەوارجەکانی هەرێمی چیای کردووە کە دانیشتونی شاری سەهرەورد لەشوراتەکان بوونە خەواریج (صورةالارض،1991: 315)

دەربارەی چیای قفص لە هەرێمی کرمان ابن حوقەل بە کورد ناویان دەهێنێت لە پاڵ ئەوەدا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد عەرەبن، کاریگەر بوینە بە بانگەوازی فاتمییەکان،بوون بە شیعە و ماڵ و سامانێکی زۆریان کۆکردۆتەوە، چاوەڕوانی ئیمامی زەمان دەکەن -ئیمام مەهدی چاوەڕوانکراو (صورةالارض ،1992: 269). هەرچی مقدیسی یە زانیاری نەخستۆتە روو دەربارەی دانیشتوانی چیای قفص،لەگەڵا ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە کورد بوونی خەڵکەکەی نەکات، بەپێچەوانەوە دەیانگەرێنیتەوە بۆ نەتەوەی عەرەب (أحسن التقاسيم، 1987: 355، 369، بڕوانە، محمد، 1،مج14، 2007: 93، 108).

مقدیسی دەربارەی چاکە و پلە و پایە ئایینیەکەی هەرێمی ئاقور کە زۆرینەی کوردن دەڵێت شوێنگەی پێغەمبەران و جێگای پیاو چاکانە، هەروەها بە پشتبەستن بە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) ئاماژە بە چوار چیا و ڕووبار دەکات کە هی بەهەشتن مەبەست لێی چیای جودی و رووباری فوراتە لە هەرێمی جەزیرە، هەروەها باس لە کەشتیەکەی نوح دەکات کە لەم هەرێمە نشتۆتەوەو ئەو خەڵکانەی لەگەڵی بوون تیایدا نشتەجێ بوون و شاری (الثمانين)یان دروست کردووە(أحسن التقاسيم، 1987: 121) ابن حوقل بە هەمان شێوە ئەم زانیارانەی لە بارەی چیایی جودی و شاری الثمانين باس کردووە(صورةالارض،1992: 206)

ئینجا مقدیسی باس لەوە دەکات خودای گەورە هەر لەم هەرێمە، لە گەڵی پێغەمبەر (یونس) خۆش بووە.دواتر باس لە گەورەی و پیرۆزی مزگەوتی پێغەمبەر یونس دەکات لە نەینەوا کە حەوت سەردانی کردنی بۆ ئەم مزگەوتە بەرامبەر بە حەجێکە. (أحسن التقاسيم،1987: 196) هەرچی ابن حوقلە تەنها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماژە بەوە دەکات کە خودای گەورە یونسی کوڕی متای بۆ نەینەوا ناردوە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەلاتی موصل (صورةالارض،1992: 196)

هەروەها ابن حوقەل ئاماژە بە خەڵکانێك دەکات لە شەهارجە خاچ دروشم بوون کە نیشتەجێی کەفەر عەزی بوونە لە أربیل (هەولێر) (صورةالارض،1991: 196)هەرچی مقدیسی یە هیچ ئاماژەیەکی لەو بارەیەوە نەخستۆتە ڕوو.

ابن حوقل لەبارەی شاری روها ئاماژە دەکات کە زۆرینەی خەڵکەکەی نەصرانین و کەنیسەکەی لە گەورەیی و مەزنی وێنەی نەبووە لە وڵاتی موسڵماناندا(صورةالارض،1992: 191)بەهەمان شێوە مقدیسی پشت ڕاستی ئەوەدەکاتەوە کە یەکێك بووە لە کەنیسە گەورەو سەرسوڕهێنەکانی دونیا(أحسن التقاسیم، 1987: 125) هەروەها ئاماژە بەدەروەی شاری نەسیبین دەکا کە چەندان دێرو پەرستگە هەبووە(ابن حوقل،1992: 191) بەهەمان شێوە مقدیسی ئاماژەی بە بوونی کەنیسەك کردووە لەهەرێمی جەزیرە بەتایبەت لە حصن کیفا و میافارقین (أحسن التقاسیم، 1987: 125) لە باسی هەرێمی جەزیرە بەم شێوەیە باس دەکات کە هیچ ئاگر پەرستێك بونیان نەبووە (المقدسي، 1987: 126) ئەوەی تێبینی دەکرێت ابن حوقل هیچ باسێکی لەوبارەیەوە نەخستۆتە ڕوو.

مقدیسی ئاماژە بە صابئیە مەندائیەکان دەکات لە شاری حەران، کە لە هەرێمی جەزیرە نیشتە جی بوونە (أحسن التقاسیم، 1987: 126) ابن حوقل بە هەمان شێوە لە باسی شاری حەران بە شاری صابئیەکان ناوی دێنیت، کە پێغەمبەر ابراهیم لەم شارە بووە (صورةالارض،1992: 204)

مقدیسی کاتێك دێت باس لەوە دەکات کەلە میافارقین دیرێك هەیە بەناوی مار توما کە جەستەیکی ووشکراوی هەیە کە دەڵێن ئەوە هی حۆریەکانە تەنانەت خەڵکێکی زۆریش سەردانی دەکەن (أحسن التقاسیم، 1987: 129) بەڵام ابن حوقل هیچ شتێکی لەوبارەیەوە نەخستۆتە روو .

دیارە مەزهەبی هەرێمی ئاقور(جەزیرە) سەر بەئەهلی سونە و جەماعە بوونە(المقدسي، 1987: 126) ) لەسەر مەزهەبی ئەبی حنیفە و شافعی بوونە، ئەوانە بوونیان هەبووە لەگەڵ هەندێ لە حەنبەلی شیعە(4)، بەڵام فقهیان شتێك نەبووە شایانی دەمەتەقێ و وروژاندن بوبێت و پابەندبوونە بە خوێندەوەی قورئانی پیرۆز بە خوێندنەوەی عبدالله ی کوڕی عامر(5)(المقدسی، 1987: 126) ئەوەی تێبینی دەکرێت ابن حوقل هیچ ئاماژەیەکی دەربارەی مەزهەبی ئەم ناوچەیە نەخستۆتە ڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ابن حوقل باس لە شاری (دبیل) دەكات لە هەرێمی (ئەرمینەیەو ئاران وئازەربایجان) كە كۆمەڵێكی زۆر لە نەصرانی لەم شارە هەبوون و لەكاتی هاتنی ئاینی ئیسلام لەبەرامبەر مانەوەیان لە سەر ئاینی خویان جزیەیان دەدا بە موسلمانان(صورةالارض،1992 :242، 243) بەهەمان شێوە مدقیسی ئاماژە دەكات بەوەی لە شاری دبیل، لە پال مزگەوت شوێنی پەرستشی ئاینی نەصرانی هەبوونە ئەمیش كەنیسە بووە، لەگەل ئەوەی دانیشتوانەكەی كوردبوونە((أحسن التقاسیم، 1987: 289) هەر لە درێژەی باسەكەیدا دەربارەی هەرێمی رحاب دەڵی لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەكی زۆری دانیشتوان كوردن، بەڵام مەزهەبەكەیان چەند شێوەیەك بوو، ئەهلی فەرمووده و هەروەها حەنبلی بوونە، لە كاتێكدا خەڵكی شاری دوین(دبیل) ئەوانی دیكە لەشارەكانی هەرێمەكە لەسەر مەزهەبی ئەبی حنیفە بوینە(أحسن التقاسیم، 1987: 295) ئەوەی تێبینی دەكرێت كە ابن حەوقل ئەو وردەكاریەی نەخستۆتە روو دەربارەی مەزهەبی ئەو هەرێمە، لەمەوە دەردەكەوێت كە كوردەكان بە ویستی خۆیان پەیرەوە مەزهەبی ئاینیان كردووە لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە كوردەكان چونەتە نێوئاینی ئیسلام بەڵام بەشێكی تری هەر لەسەر پەیرەوی ئاینی نەصرانی ماونەتەوە.

## 6-زمانی كوردی:

ئەوەی تێبینی دەكرێت ئەو ولاتناسانە هیچ ئاماژەیەكیان بە زمانی كوردی نەكردوە لەو هەرێمانەی كە زۆرینەی كورد بوونە و لەگەل باسكردن بەبونی كوردەكان بە رێژیەكی بەرچاو، بەڵام باس لە زمانیان نەكراوە. جگە لەوەی ابن حوقل كاتێك باس لە زمانی هەرێمەكانی كرمان دەكات دەڵی زمانیان فارسیی بووە تەنها ناوچەی قفص نەبی كە ئەوناوچەیە لەگەڵ زمانی فارسی زمانێكی تریان هەبووە، (صورةالارض،1992: 252) ئەوەی هەڵوەستەی لەسەردەكرێت، نوسەر خوی ئاماژەی بە بونی كوردكان كردووە لەوناوچەیە، بۆیە دەشی ئەمە ئاماژەیەكی ناراستەو خۆ بێت لەسەر زمانی كوردی وەك باس دەكات لەوەی كە جگە لەزمانی فارسی زمانی تریش بونی هەبووە، دەشی ئەمەش كوردەكان بن. لەگەڵ ئەوەی مقدیسی ئاماژە بە بونی كورد نەكردووە لە ناوچەی قفس كەچی لە باسی زمانی كرمان دەڵێت زمانێكی روونیان هەبووە كە لەزمانی خوراسانی نزیك بووە، كەچی زمانی ناوچەی قفص زمانێكی داخرابووە( أحسن التقاسیم،1987: 355) لێرەدا نووسەر باسی لە جۆری ئەوزمانەی نەكردووە كەقسەی پێكراوە، ئەوەی تێبینی دەكرێت كوردەكان لەزۆربەی بارودۆخەكان زمانی دایكیان

لەنێوخۆدا بەکارهێناوە، ئەوەتا وڵاتناس (المسعودي) (345ك/ 956ز) مردووە، لەهەمان کاتدا هاوسەردەمیان بووە، بەشێوەیەکی ڕۆن و ئاشکرا ئاماژەی بەزمانی کوردی کردووە لەگەڵ بوونی دیالێکتی جیاواز لەنێو زمانی کوردیدا (المسعودی،ج2، 2010: 19) هەروەك پێوستە ئەوە بگوترێت کە هەردوو وڵاتناس نەیان توانیوە بەشێوەیکی ڕاست و دروست ئاماژە بە هەبوونی زمانی کوردی بکەن لەناوچە جۆراو جۆرەکان کە کوردی تێد نیشتەجێە، ڕەنگە هۆکاری ئەم کەمتەرخەمەیش بە هۆی بوونی هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی بێت، زاڵبووە بەهۆی فەرمانڕەوایەتیکردنیان بەسەر ئەوناوچانە، بۆیە مقدیسی و ابن حوقل ئاماژەیان بەزمانی کوردی نەکردووە، لەبەر ئەوەی زمانی فەرمی نەبووە.

## 7-جلو بەرگ و پۆشاك:

جلو بەرگ هێمایەکە ئاماژەیە بۆناسنامەی گەلان و ئامرازی جیاکەرەوەیەتی، جلوبەرگ بەگوێرەی ڕەوشی سروشتی وپێگەی کۆمەڵایەتی وئاستی ژیان وداب و نەریتو بیروباوەڕ و زەوق و پیشە وبۆنەکان دەگۆڕێت، سەرباری کاریگەری دیکە(عزت، 2014: 123) سەبارەت بە جل و بەرگ جوگرافی ناسەکان بەشێوەی پچرپچڕ ئاماژەیان بە جل و بەرگی کورد کردووە، تەنانەت لەو هەرێمانەی کە زۆرینەی کوردبوون بەڵام ئەوی جێگەی بایەخی توێژینەوەکەمان بێت ابن حوقل و مقدیسیە، ئەوخامانەی کە جلی کوردی لێ دروستکراوە هەمەجۆربووە، بەڵام زۆربەیان پشتی بە بەرهەمی ناوەخۆ بەستووە، جلی میللی کوردی وەك ڕانك و چۆغ لە مووی بزن دروستکراوە، کە لەشاری دوین پێوەی بەناو بانگ بوونە. (صورةالارض،1992: 294) بەهەمان شێوە مقدیسی پشتڕاستی ئەوزانیارەیە دەکاتەوە بەوەی لەشاری دوین خوری بۆجل و بەرگ و پێداویستی ناوماڵ بەکارهاتووە (أحسن التقاسیم، 1987: 289، 292) هەر لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بەشاری بەرزەعە کردووە، کە دۆخینەکانیان نمونەی نەبووە (المقدسي، 1987: 292)، زانیاری ئەوەی خستۆتە پاڵ بەوەی شاری ئامەد بەدروستکردنی جلی خوری(مەرەزە)و کەتانی رومی لە سەر شێوەی سەقلی بەناوبانگ بووە(أحسن التقاسیم، 1987: 128) سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کورد پشتیان بەبەرهەمە خۆماڵیەکان لەکوتاڵ چنین بەستووە، بەڵام هەندێکیشیان لەدەرەوەی هەرێمەکانیان هاوردە کردووە، لەم بارەیەوە ابن حوقل گوتویەتی لەلایەکی دیکەوە کوتاڵە جلی وڵاتی ڕۆم بەشارەکوردیەکانی وەك برکری و خەلات

و ئەرجەش و زۆزان و میافارقین گەیشتووە (صورةالارض،1992 : 295) مقدیسی کە باسی شاری شەنگال دەکات لە هەرێمی جەزیرە، بەوەی زۆرێك لە خەڵکی ئەوشارە کەوشدرووبوونە(المقديسي، 1987: 124).

## 8-ئاهەنك و بۆنەكان:

جەژنەکان لایەنێکی گرنکی ژیانی کۆمەڵایەتی لای هەر گەلێك پێك دێنێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کەلەپورە نەتەویی و ئاینییەکەی بناسرێت، هەروەها لایەنێکی گرنگی بیروباوەڕوکولتورەکەیەتی، کورد وەك هەر گەلێکی دیکە ئاهەنگی کردووە. کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەرچاوەکانی ولاتناساندا بەکەم ئاماژەی پێکراوە هەرچەندە نەتەوەی کورد بۆنەی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەڵام باس نەکردنی وەك پێوست دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی لەدوای فەتحکردنی ناوچەکوردنشینەکان دوو جەژنەکانی موسڵمانان، بون بە چەژنێکی گشتی و ئاسایی. ئەوتا ابن حوقل دێمەنێکی بۆنەی چەژنی نەورۆز (صورة الارض ،1992: 310) لە کرینە کە گوندێکی سەر بە (تەبس)ە لەدەوروبەری قوهستان( یاقوت الحموي، ج4، 1995: 458) باس دەکات کە خۆشی و شادی دەردەخەن، بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ جوانترین جل و بەرگ لەبەر دەکەن و خۆیان دەڕازێننەوە بە جوانترین کەل و پەلی جوانکاری و خواردن و خوادنەوە ئامادە دەکەن و تەپڵ لێدەدەن و گۆرانی دەڵێن و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەم بۆنەیە،بە بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتدارێکی غەیرە کورد دەستبخاتە نێوکاروباریانەوە بە درێژایی ئەو ساڵانە(ابن حوقل،1992: 310) ئەوەی تێبینی دەکرێت مقدیسی هیچ باسێکی لەوبارەیەوە نەخستۆتە روو.

## 9-خواردن و خواردنەوە:

باس کردنی خواردن و خواردنەوەی گەلان بابەتێکی تری سەرنج ڕاکێش بووە لای وڵاتناسان و گەرێدە موسڵمانەکان، ئەمەش بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ڕادەی خۆشگوزەرانی وپێشکەوتنی لایەنی ئابوری گەل و ناوچەیەکە، یاخود بۆ بەراوردکاری و جیاوازی خواردەمەنی نێوان گەل و ناوچەکانە.

لە دەقەکانی ابن حوقل و مقدیسی بێ بەش نین لەم بابەتانە بەڵام سەبارەت بە خواردن و خواردنەوەی وڵاتی کوردان بە ڕێژەیەکی کەم باسی لێوەکراوە، لە دەقێکی ابن حوقل ئاماژە بە جۆری خواردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردان کراوە کاتێك خواردنی ناوچەیەکی خەڵکی هەرێمی سند بە کوردەکان دەچوێنی کە دەڵێت وەك کوردەکان شیرەمەنی و پەنیر و نانی گەنمە شامی دەخۆن(صورة الارض، 1992: 283) لە چەند دەقێکی دیکەش بە هەمان شێوە ئاماژە بە خواردنی بەرهەمەکانی شیرەمەنی و پەنیر کراوە لە ناوچە جیاجیا کانی کوردان، ئەمەش ئەوە دەگەینی کە ئەمە خۆراکی سەرەکی کوردەکان بووە لەم سەردەمەدا، ئەوەتا جارێکی تریش لە دەقێکیدا ابن حوقل هاتووە کە بە شێوەیکی گشتی خواردەمەنی خەڵکی چیا بریتی یە لە شیرەمەنی و ئەو بەرهەمانەی لەو دروست دەکرێت (صورةالارض، 1992: 306، 317) بە هەمان شێوە مقدیسی ئەمە دووپات دەکاتەوە کە خواردنەوەی خەڵکی چیا هەنگوین وبەروبومە شیرەمەنیەکانبووە(أحسن التقاسيم، 1987: 41، 127، 128، 295) ابن حوقل دەربارەی هەرێمی چیاو شاری هەمەدان تایبەت تر ئاماژە بە بوونی زۆری ئاژەڵی وەك مەڕ و بزن دەکات،( صورة الارض،1992: 306) لەمەوە دەردەکەوێت کە ئەوژمارە زۆرەی ئاژەڵ وەك سەرچاوەیەکی خۆراکیش سودی لێبنراوەو بۆخەڵکی ناوچەکە.ئەوەتا مقدیسی لەباسی شاری هەمەداندا، باس لە گۆشتی زۆر و نانی هەرزان و حەلوای باش دەکات( أحسن التقاسيم، 1987: 301).

بەهۆی هەڵکەوتەی بەرزی و نزمی ولەباری سنوری جوگرافی ناوچەکە لەبوونی ئاوهەوای سازگار، کورد زۆر جۆری گۆشتی بەکارهێناوە، چونکە خۆی لەسامانی ئاژەڵ دەوڵەمەندبووە، ئەوتا مقدیسی ئاماژە بەبوونی باڵندەی چین ماچین و مریشك دەکات لەناوچەی جەزیرە گۆشتەکەیان بۆخواردن بەکارهێناوە(أحسن التقاسيم، 1987: 128) هەروەها باسی شاری مەعلاسیا دەکات کە گۆشتی سوێری کراو( لەخوێ نراو) بەناوبانگ بووە ((أحسن التقاسيم، 1987: 128)لە لایەکی دیکەوە ابن حوقل پشتڕاستی ئەوزانیاریە دەکاتەوە بەوەی ناوچەکانی جەزیرە ودەوروبەری بەشێوەیەکی زۆر قەرەباڵغ بووە و لادێ نشینی زۆربووە ومالاتیشی زۆربووە،( صورة الارض،1992: 196)ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێت بەهۆی بوونی ماڵاتی زۆرەوە بێگومان یەکیك لەوخوا ردنانەی سودیان لێوەرگرتووە لەدوای بەرهەمەکانیان بریتی بووە لە گۆشتەکەی کە وەك خواردنێکی سەرەکی بەکاریان هێناوە.

سەبارەت بەخواردنی شیرنەمەنی مقدیسی ئاماژە بەشاری حران دەکات لە هەرێمی جەزیرە کە بە جۆرە شیرنەمەنیەك بەناو بانگ بووە بەناوی(القُبيط)(أحسن التقاسيم،1987: 128، 129)،دیارە ابن حوقل ئاماژە بەبوونی کۆمەڵێك خواردنی جۆراوجۆردەکات لە هەرێمی جەزیرە کە پێك هاتووە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەنگوین و روون و گوێزو پەنیرو باویی و بندق و مێوژ و هەنجیر(صورة الارض، 1992، 202)بەهەمان شێوە مقدیسی لە باسی شارەکانی هەرێمی جەزیرە ئاماژەی بەکۆمەڵێك خواردەمەنی دەکات کە پێك هاتووە لە هەنگوین و گەزۆ و کونجی و پەنیرو و مێوژ و ڕۆن (أحسن التقاسیم،1987: 128، 128)

هەرچی ابن حوقلە لەباسی شاری بەرزعە لەهەرێمی ئاران، ئاماژە بە بوونی جۆرە ماسێکی بەتام وتایبەت دەکات(صورةالارض، 1992، 291) هەروەها لەباشوری شارەکانی برکری وخلات و ئەرجش دەریاچەیك هەیە، کە ماسی بچوکی لێ ڕاودەکرێت دواتر ئەوماسیانە سوێردەکرێن و هەناردەدەکرێن بۆناوچەکانی موسل و دەوروبەری جەزیرەو عیراق و ووڵاتی شام(صورة الارض، 1992: 297) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەوجۆرە خواردنە بەناوبانگ بووە.

## 10-سەیروسەمەرەکان:

مقدیسی هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتی سەیرو سەمەرەئاماژە پێ دەکات، وەك باس لە هەرێمی ریحاب دەکات دەڵی خەڵك سواری سەرملی پیاوەکان دەبن هەروەك چۆن سواری سەرپشتی ئاژەڵی باری دەبوون، لەبەرسەختی ڕێگاکە (أحسن التقاسیم، 1987: 293) ئەوەی تێبینی دەکرێت هیچ ئاماژەیەکی وای نەخستۆتە ڕوو کە مەبەست لەوجۆرە گواستنەوەیە چیە ئایە لەبری کرێ گواستنەوە ئەمەیان کردووە یاخود بۆچینێکی دیاری کراوبوە.

مقدیسی زۆر سەرسام بووە بوبونی کانیاوێك لەشاری نەسیبین کە تێیدا کلسی سپی هەڵقۆڵاوە و بەکاریان هێناوە لەگەرماو و ماڵاندا (أحسن التقاسیم، 1987: 129) واتە وەکو بەکارهێنێکی خاوێنکەرەوە، هەرچی ابن حوقلە هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەوباسانە نەکردووە، یەکێك لەو سەیروسەمەرانەی کە ابن حوقل ئاماژەی پێدەکات کەنیسەی روهایە بەوەی یەکێکە لەسەرسوڕهێنەرەکان، هاوشێوەی ئەوە نیە لای نەصرانیەکان (صورة الارض، 1992: 204) بەهەمان شێوە مقدیسی پشتڕاستی ئەوزانیاریانە دەکاتەوە بەوەی کەنیسەی شاری روها شێوەیەکی جوان و ڕازاوە بەنەخش و نیگار (مۆزایك) تەنانەت بەیەکێك لە سێ سەیرو سەمەرەکانی دونیای هەژمارکردووە (أحسن التقاسیم،1987: 125،130) هەروەها مقدیسی لەباسی سەیرو سەمەرەکانی هەرێمی چیا ئاماژە بە وێنەیەکی ناوازە دەکات لەنزیك کێوی بیستون، کە پێیان وایە ئەمە ئاژەڵی

کیسرایە(أحسن التقاسیم، 1987: 304) وە لەباسی قوهستان (کویستان)،دەڵێت ئاوێك هەیە هەرکەسێك لێبخواتەوە لەگەرووی دەمێنێتەوە و دەمرێت (أحسن التقاسیم، 1987: 304) دیارە ابن حوقل هیچ شتێکی لەوبارەیەوە نەخستۆتە ڕوو.

## ئەنجامەکان:

- هەردوو کتێبی (صورة الارض)ی ابن حوقل و(أحسن التقاسیم فی المعرفه الاقالیم) المقدسی لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی،ئەو سەردەمە لوتکەی پێشکەوتنی زانستی وڵاتناسی بووە. ئەم دوو وڵاتناسەش بە نموونەی هەرە دیاری ئەم پێشکەوتنەن.
- لە کاتی لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری لە نێوان زانیاریەکانیان ابن حوقل و المقدسی لە زۆر زانیاری هاوبەش بوونە لە کتێبەکانیان دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە هەمانکاتدا لە خستنە رووی هەندێك زانیاریدا تەنها یەکێکیان زانیاریەکانی زیاتر خستۆوەتە روو .
- هەردوو وڵاتناس زانیاری هەمەلایەنەیان دەربارەی دەرکەوتە کۆمەلایەتیەکانی کورد خستۆتە روو لە ڕەگەز وخێڵ وتیرە و ئایین و داب و نەریت ...هتد کە بە زانیاری دەگەمن و بەنرخ دادەنرێت کە بەبەراورد بە سەرچاوە مێژوویە هاوچەرخەکانیان و تەنانەت هەندێك دوای خۆشیان کە کەمتر پرژاونەتە سەر ئەم لایەنە.ئەم زانیاریانەش بابەتی گرنگن بۆ دەرخستنی شێوەی ژیانی کوردان لەم سەردەمەدا

## پەراوێزەکان:

1- ابن درید،ناوی، أبو بكر محمد بن الحسن بن دريد بن عتاهية الآذدي البصري الدوسي الزهراني، لە ساڵی(٢٢٣-٣٢١ك /٨٣٧- ٩٣٣ز) لەشاری بەصرە لەدایك بووە، زانایەکی بواری زامانەوانی و ڕەگەزناسی عەرەب بوو،کە لەسەردەستی مامۆستاکانی لەشاری بەصرە وەرگرتووە.(ابن الندیم، ١٩٩٧: ٨٥، الذهبي،ج٧، ٢٠٠٣: ٤٤٦).

2- فقه حەنبەلی دەگەرێتەوە بۆپێشەوا ، أحمدبن محمد بن حنبل أبی عبدالله الذهلي ،. لە (164ك/780ز) لە بەغداد لەدایك بووە، لەسەردەستی زانایانی ئەوشارە پیگەیشتووە،سەردانی زۆربەی ناوچەکانی نێوجیهانی ئیسلامی کردووە، دادەنرێت بەیەکێك لەپێشەوایانی ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەزهەبە،لە ساڵی(241ك/850ز) کوچی دوایی کردووە (السمعاني،ج2، 1988: 277،الخليلي،ج2، 1989:597).

3- أبو عبد الله سفيان بن سعيد بن مسروق الثوري الكوفي، لةسالَی (97ك/715ز) لەکوفە لەدێك بووە، لە زاناوزاهیدەکان لای موسلمانان، بەیەکێك لە پێشەوایانی فەرمودەناسی هەژماردەکرێت،تابعی تابعين بووە،بەخاوەنی یەکێك لەمەزهەبەکانی ئاینی ئیسلام دادەنرێت، لەساڵی (161ك/ 777ز) کوچی دوایی کردووە.( ابن النديم، ١٩٩٧: ٢٧٧،ابن خلكان،ج2، 1900، 386, المقديسي:

4- عبد الله بن عامر بن يزيد بن تميم بن ربيعة بن عامر، لەساڵی (21ك /641ز) لە دايك بووە، يەكێكە لە القرأ السبعة ،كە جۆری خويندنەوەی قورئانی لە أبي الدرداء و المغيرة كوری أبي شهاب ی هاوەڵی عثمانی كوری عفان وەرگرتووە لەساڵی (118ك/ 736ز) کوچی دوایی کردووە. (ابن الجزري، ج١، ١٩٣٢، ٤٢٣)

5- خورمدینی، گروپێکی ئایینی بوون،ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەرلەئیسلام و بۆ ئولەئیرانیەکۆنەکانی وەکو مەزدەك، دوای کوژرانی أبومسلم خوراسانی(137ك-755ز)،لەناوچەکانی چیا لەسەردەمی خەلیفەی عەبباسی (هارون الرشيد)(193ك- 807ز) مردووە،لە ساڵی (192ك /٨٠٦ز)دەستیان بەبزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری کرد، بانگەشەی هاوبەشی کردنیان دەکرد لە ماڵ و ژندا،هانی خەڵکیان دەدا بۆ ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکان تێرکردنی وئارەزوەکانیان.(الاسفراییني، 1983: 135، مشكور،1995: 230، 233) بۆزیاتر زانیاری بڕوانە، الغزالي، فضائح الباطنية،(د.س,ت) تحقق، عبد الرحمن بدوي، مؤسسة دار الكتب الثقافية - الكويت).

## لیستی سەرچاوەکان:

### 1/ کتێبەکان بە زمانی عربی:

ابن الاثير،عزالدين علي محمدبن عبدالكريم (1997م)، **الكامل في التاريخ**، تحقيق، عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.

الادريسي: محمد بن محمد بن عبد الله بن إدريس ( 1970م)، **نزهة المشتاق في اختراق الافاق** ،عالم الكتب، روما.

الاسفراييني، ابي المظفر الاسفراييني، (1983م)،**التبصير في الدين وتمييزالفرقة الناجيةعن الفرق الهالكين**، تحقيق،كمال يوسف الحوت، عالم الكتب، بيروت.

البستاني: البطرس،(1964م)،**كتاب دائرة المعارف** ،بيروت ،لبنان.

البغدادي، إسماعيل بن محمد أمين بن مير سليم الباباني(1951م)، **هدية العارفين أسماء المؤلفين وآثار المصنفين**، دار إحياء التراث العربي بيروت، لبنان.

ابن الجزري، شمس الدين أبو الخير ابن الجزري،(١٩٣٢م)،**غاية النهاية في طبقات القراء، تحقيق**،ج،برجستراس، مكتبة ابن تيمية،ب،د،م.

ابن الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي(2001م)، **تلبيس إبليس**، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.

حاجي خليفة: مصطفي بن عبد الله كاتب جلبي(1941م)، **كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون**،مكتبة المثني ،بغداد.

حميد، عبدالرحمن، (1995م)، **الاعلام الجغرافيين العرب ومقتطفات من اثاريهم**، دارالفكر،دمشق.

ابن حوقل: أبوالقاسم بن محمد النصيبي،(1992م)، **صورة الارض**،منشورات دار مكتبة الحياة،بيروت.

الخليلي، أبو يعلي الخليلي، (1989م)، **الإرشاد في معرفة علماء الحديث**،تحقق، محمد سعيد، مكتبة الرشد الرياض.

الذنون ، عبدالواحد،( 1986م)، **الاندلس من خلال كتاب صورة الارض لآبن حوقل**،منشورات مكتبة بسام،الموصل.

الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد(2003م)، **تاريخ الإسلام وَوَفيات المشاهير وَالأعلام** ،التحقيق، الدكتور بشار عوّاد معروف،دار الغرب الإسلامي، بيروت.

الزركلي، خيرالدين محمود (2002م)،**الأعلام**، الناشر، دار العلم للملايين،بيروت.

زيدان، جرجي ،( 1959م)،**تاريخ آدب اللغة العربية** ، دار الهلال ،مصر.

سعيد، ابراهيم احمد،( 2012م)،**اسهامات المقديسي في الجغرافية والدراسات الافليمية**، مجلة دراسات تاريخية، العددان 117-118.

السمعاني، عبد الكريم بن محمد بن منصور التميمي ،(1988م)، **الأنساب**، تقديم وتعليق: عبد الله عمر البارودي، الناشر: دار الجنان، عمان.

سوسة، أحمد، (1959م)، **العراق في الخوارط القديمة**، مطبوعات المجتمع العلمي العراقي، مطبعةالمعارفة، بغداد.

ابن شداد، عز الدين أبو عبد الله محمد بن علي(1962م)، **الاعلاق الخطيرة في ذكر أمراء شام والجزيرة** ،تحقيق،سامي الدهان،دمشق.

الصابي، أبو الحسن الهلال بن المحسن ، (1964م)، **رسوم دار الخلافة**، تحقيق، ميخائيل عواد، مطبعة العاني، بغداد.

عبدالمقصود ،طه ( 2004م)،**الحضارة الاسلامية**، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن عساكر: أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله،(1995م)، تأريخ دمشق، تحقيق:عمربن غرامةالعمروي، دارالفكر، بيروت.

العظمة:عزيز،(1991م)، **العرب و البرابرة المسلون والحضارات الآخري** ،رياض الريس للكتب والنشر،لندن.

عكاوي، رحاب خضر، (1993م)، **عباقرة الإسلام في الطب والجغرافية والتاريخ والفلسفة**، دارالفكر العربي، بيروت.

علي، شفيق عبدالرحمن، ( 1984م)، **مدارس الجغرافية عندالمسلمين**، بحوث المؤتمرالجغرافي الاسلامي الاول، المنعقد في جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، طبع بادارة الثقافة والنشر ،بالجامعة،

فارس، محمد:( 1993م)، **موسوعة علماء العرب والمسلمين**، دارالفارس للنشروالتوزيع،عمان.

كراتشكوظسكي، اغناطيوس يوليانوظتش (1963م)، **تاريخ الأدب الجغرافي العربي**،ترجمة: صلاح الدين عثمان، مطبعة الجنة التأليف والترجمة والنشر،القاهرة.

مخلص، عدي يوسف، (1973م)، **المقدسي البشاري حياته منهجه**، مطبعة النعمان، النجف.

المسعودي، (2010م)، **مروج الذهب ومعادن الجوهر**، تحقيق، عفيف نايف حاطوم،ط2، دارصادر، بيروت.

المقديسي،شمس الدين محمد بن ابي بكر(1987م)، **أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم**، وضع مقدمه وهوامشه و فهارسه،محمد مخزوم، دار احياء التراث العربي،بيروت.

مكشور، محمدجواد،(1995م)، **موسوعة الفرق الاسلامية**، مجمع البحوث، الاسلامية للدراسات والنشر، بيروت.

مينورسكي،( 1985م)، **الجغرافيون والرحالة المسلمون**، ترجمة:عبدالرحمن حميدة ،دار العلم للملايين، كويت.

ابن النديم، أبو الفرج محمد بن إسحاق بن محمد الوراق البغدادي(١٩٩٧م)،**الفهرست**، تحقيق، إبراهيم رمضان،ط٢، دار المعرفة بيروت، لبنان.

نقولا، زيادة، (1987م)،**الجغرافيا والرحلات عند العرب**، دار الكتاب،بيروت.

ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي،(1995م)،**معجم البلدان**، ط2، دار صادر، (بيروت:).

**2 / کتێبەکان بە زمانی کوردی:**

خۆشناو، حەكیم ئەحمەد:(2014ز)،**كورد و كوردستان لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسڵمان**، چاپخانەی موكریانی، هەولێر.
زەند، كەریم:( 1971ز)، **ئایین و باوەر لە كوردستاندا**، چاپخانەی كامەرانی، سلێمانی.
عیزەت، فائیزە محمد،(2014ز)، **ژیانی كۆمەڵایەتیی كورد لە نێوان سەدەكانی (4-9ك/ 10-15ز)**، و:سەرمەد ئەحمد،چاپخانەی موكریانی، هەولێر.

**3- كۆڤارو بڵاوكراوەكان:**

محمد، ریاض عبدالله،( 2007م)، **القفص والبلوص منذ الفتح الإسلامي حتي مجئ السلاجقة**، ، مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية ،س١٤، مج2 ، العدد 1.

## Social Situation Kurds in Ibn Hawqal and Al-Maqdisi’s Books

### Comparative Critical Study

**Sakar Muhammad Saddiq Habib**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sakar.habib@su.edu.krd

***Keywords:*** *Ibn Ḥawqal, Al-Maqdisī, Social Situation, Kurdish, Kurds*

## Abstract

The 10th AD century (4th AH) was considered a summit development of the Islamic civilization, one of these developments was the science of countries. At this period, a two person of knowledgeable about countries, (Ibn Ḥawqal) and (al-Maqdisī) were contributed to this development with two samples of most notable books titled (Ṣūrat al-’Arḍ) and (Ahsan Al-taqasim Fi Maʻrifat Al-aqalim), respectively. Additionally, the two books became the reference of obtaining and providing a valuable information about peoples. In the meantime, presenting important information about Kurds. This research will focus on some aspects of social environment, such as Kurds originates, tribes and clans, behavior, religious believes, language, cloths, celebration and ceremony, foods, drinks, strangeness and oddity of Kurds. In this research study the

historical approach was used. In addition, it was supported by available books and comparing them with respect presenting information on Kurdish country.

# الأحوال الاجتماعية الكورد في كتب ابن حوقل و المقدسي

# (دراسة نقدية مقارنة)

**الملخص**

يعدالقرن (4هـ \10م)من أبرز الفترات الزاهية التي مرت على الحضارة الاسلامية ولاسيما من خلال ما دونه البلدانيين عن شتى مجالات و النوحي الحياة المختلفة لكونهما قدمت مادة غنية عنهما و مكملا كما كتبه المؤرخون،و تندرج ذالك في اطار مايسمى ب(علم البلدان)، ومن ضمن البلدانيين البارزين (ابن حوقل) في كتابه (صورة الارض) و (المقدسي ) في كتابه (احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم) اللذان يعدان نموذجاً للتطور الجغرافي و علم البلدان في التاريخ الاسلامي.

ويسلط اهذا البحث الضوء علي الحياة الآجتماعية لبلاد الكرد من خلال ماكتبه هذان المؤلفان لكونهما قدموا لنا معلومات موثوقة. حتى في بعض منها لانجد لها ذكراً في ثنايا المصادر البلدانية الاخرى، وهما للذان زاروا معظم المناطق التى كتبوا عنها، وقد ركزنا على ماكتبوه عن اصل الكرد و قبائلها و العادات و التقاليد و العقائد الدينية و اللغة و الملابس و المناسبات و المأكولات و المشروبات و غيرها.و قد اسفادة البحث من مصادر عديدة، وقد اتبعنا على المنهج القارن لهذين البلدانيين حول ماكتبوه لنا عن الحياة الاجتماعية .

**الكلمات الدالة:** ابن حوقل ، المقدسي ، الأحوال الأجتماعية ، الكورد ، بلاد الاكراد.